# وێنەی ئیرۆتیکی لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)دا

کانیاو بەکر عەبدوڵا
مامۆستای یاریدە دەر
زانکۆی هەڵەبجە /کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/بەشی کوردی
Kanyaw.bakr1990@ gmail.com
دیلان سەلام حمە فەرەج
مامۆستای یاریدەدەر
زانکۆی هەڵەبجە / کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/بەشی کوردی
Dilan.ham afaraj@halabjuni.org

وشە کلیلەکان : ئیرۆتیک ، وێنەی ئیرۆتیکی ، وێنەی خواستن ، وێنەی لێکچواندن

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیەبەناونیشانی(وێنەی ئیرۆتیکی لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادە)دایە،تیایداتوێژەرهەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:مەبەست لەئیرۆتیك چییە؟جۆرەکانی ئیرۆتیك کامانەن؟رۆڵی وێنەی خواستن و چواندن لەدروستکردنی وێنەی ئیرۆتیکیدا چین؟ ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگی نێو ئەدەبی کوردییەودەتوانین بڵێین لەشیعری قوباددا لێکۆڵینەوەی پێویست سەبارەت بەم بابەتەئەنجام نەدراوە،ڕێبازی توێژینەوەکەڕێبازی(وەصفی–شیکاریە)،کە وێنەی شیعری وهەندێک لەهونەرەکانی ڕەوانبێژی کردۆتە پێوەربۆشیکردنەوەوڕاڤەکردنی شیعرەئیرۆتیکییەکانی»قوبادی جەلیزادە»وکاری لەسەر کردون.لەکۆتاییدا توێژینەوەکەبەچەندئەنجامێکی دیارکراوگەیشتوەدەربارەی چەمکی ئیرۆتیك ورۆڵی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەدروستکردنی وێنەی ئیرۆتیکیدا ،توێژینەوەکەلەپێشەکی و دووبەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:

بەشی یەکەم : تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی ئیرۆتیك .

تەوەری یەکەم : ئیرۆتیك چەمك و پێناسە .

تەوەری دووەم : جۆرەکانی ئیرۆتیك (ماچ ، مەمك ، سێکس)

بەشی دووەم : وێنەی ئیرۆتیك لە شیعرەکانی»قوبادی جەلیزادەدا

تەوەری یەکەم : چەمك و پێناسەی وێنەی شیعری.

تەوەری دووەم : یەکەم : ڕۆڵی وێنەی خواستن لە دروستکردنی وێنەی ئیرۆتیکیدا .

دووەم : ڕۆڵی وێنەی لێکچوواندن لە دروستکردنی وێنەی ئیرۆتیکیدا.

وشەکلیلەکان : ئیرۆتیك ، وێنەی ئیرۆتیکی ، وێنەی خواستن ، وێنەی لێکچواندن.

## ملخص البحث

هذا البحث الموسوم بـ (الصورة الغرامية في قصائد قوباد جليزاده) فيهاحاول الباحث الاجابة عن هذه الأسئلة: ماهو الهدف من الغرامية؟ ماهي أنواع الغرامية؟ ماهو دور الصور الأستعارة والتشبية في تكوين وخلق الصورة الغرامية ؟ هذا الموضوع,موضوع مهم جدا في الادب الكردي ونستطيع أن نقول في قصائدقوباد لايجري البحث اللازم حولها.

اانجز البحث وفق المنهج (الوصفي - التحليلي) ويجعل الصورالشعرية وبعض الفنون البلاغية قياسا للتحليل والتفسيرلقصائد «قوباد جليزاده» الغرامية ويعمل عليها.

وفي النهاية توصل البحث الى نتائج محدودة حول مفهوم الغرامية ودور الفنون البلاغية في خلق الصور الغرامية,ويتكون البحث من (مقدمة وفصلين ونتائج البحث وقائمة مصدار البحث)

القسم الأول : نظرة عامة حول الغرامية

المحورالأول: مفهوم وتعريف الغرامية

المحورالثاني: أنواع الغرامية (القبلة,النهد,الجنس)

القسم الثاني: الصورة الغرامية في قصائد «قوبادجليزاده»

المحور الأول: مفهوم وتعريف الصورة الشعرية

المحورالثاني: ١- دور الصورة الأستعارية في تكوين صورة الغرامية

٢- دور الصورة التشبية في تكوين صورة الغرامية


الكلمات المفتاحية : الغرامية – صورة الغرامية – صورةالأستعارة – صورة التشبية

# Abstract

The title of the research is(Erotic vision in the poetry of Qubadi jalizada) here scholar answers these qustions:

1-What is the purpose of Erotic?

2-What are the types of Erotic?

3-What is the role of Metaphor and Assimilation in making erotic visions?

This subject is very signification in Kurdish literature and we can say that there isn't any advanced research about it . the method of research is an(analytical-descriptive)method which makes poetic vision and some of literary eloquence a measure to explain and analyze the erotic poems of "Qubadi jalizada" .

Finally,the research found specific conclusions about the erotic concept and the role of literary eloquence in making erotic vision.

The research consists of (an introduction,two main parts,aconclusion,and alist of sources)

First part: A typical vision of Erotic

1-Erotic vision and definition

2-The types of Erotic (kissing ,boobs and sex )

Second part: The erotic vision in the poetry of Qubadi jalizada

1-Concept and definition of poetic vision

2-A- Role of metaphor vision in making erotic vision

B- Role of assimilation vision in making erotic vision

Keywords : Erotic,Erotic vision,Metaphor vision,Assimilation vision

## بەشی یەکەم :تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی ئیرۆتیك.

### تەوەری یەکەم : ئیرۆتیك ، چەمك و پێناسە.

ئیرۆتیك چەمكێكی ئەدەبی نوێیە بەرامبەر بەو بەرهەم و دەقە ئەدەبیانە بەکار دەهێنرێت، کە ناوەرۆکێکی سێکسئامێزیان هەیە . ( ئیرۆتیك لە «ئیرۆس»ی یۆنانیەوە وەرگیراوە کە خوای خۆشەویستی یە و کوڕی «ئەفرۆدێت» ی خواوەندی جوانییە ، چەمکی ئیرۆس بەواتای وەسفی عاتیفە دێت لە ڕوی هەستکردن و حاڵەتی ڕۆحی پەیوەست بە ئاوێتە بوونی جەستەیی و سێکسی))(١) ،ئیرۆتیك فۆرمێکی دەربڕینە لە ئەدەب بە شێوەیەکی هونەریی باڵا تیشك دەخاتە سەر جەستە و باس لە خۆشەویستی و جوڵە سێکسیەکانی بەر لە جوتبوون دەکات . شیعری ئیرۆتیك وێنەی نزیکی دوولایەنە هاوکات لەگەڵ هەڵسوکەوتی سەرجێیدا .(( بۆ یەکەم جار ئەم ووشەیە لە ساڵی ١٧٩٤ لە لای نوسەری فەرەنسی «ڕیتیف دی لابریتون» بەمانای ئارەزووی سێکسی بەکارهاتووە)) (٢)، ئەتوانین بڵێین هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ ئەم ئەدەبەش هاتۆتە کایەوە،هاوکات لەگەڵ نوسینەوەی مێژوو و ئەدەبیاتدا ئەم ئەدەبە نوسراوەتەوە ، لە ئەنجامی گۆڕان و فراوانبوونی ئەقڵی مرۆڤ ئەم ئەدەبە گۆڕانکاری زیاتری بە خۆوە بینیوە .

ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی بەرهەمێکە لەسەر تەوەری عەشقی سێکسی و وەسفکردنی بە ئاشکرای ئەندامەکانی جەستە دەسوڕێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەرهەمێکی خاوەن چۆنایەتی ئارەزوو بزوێنی جەستەییە . لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ئیرۆتیکا و پۆرنۆگرافیدا ، چونکە ((لە پۆرنۆگرافیدا ناوەرۆك و خودی نوسراوەکە سێکسیەو بەشێوەیەکی ئاشکرا مەبەستی وروژاندنی ئارەزووی سێکسی خوێنەر یان بینەرە ، بەڵام لە ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیدا ، فاکتەرە جنسیەکان لایەنی جوانی و ناسکانەیان هەیە و بە شێوازێکی ئێستاتیکی دەردەخرێن ))(٣) کەواتە ئەدەبی پۆرنۆگرافی نواندنی کاری سێکسیەو جیاوازە لە ئەدەبی ئیرۆتیکی کە تێیدا بەخشینی ئێستاتیکایە بە لایەنە سێکسیەکان.

لەناو ئەدەبی ئیرۆتیکیداکەرەستەکان هەموویان تەفروتونا دەبن ئەوەی دەمێنێتەوە ئیرۆتیکی ناوەکی و جەستە باڵایە لەگشت نمایشکردنێکی ئەدەبەکەدا ((هەموو جوڵەیەکی ئیرۆتیکیش بە سروشتی هەر خۆی لە نیگاوە دەستپێدەکات ))(٤) لێرەشەوە ئیرۆتیزم واتە خۆشەویستی بۆ ئەوەی تر جێگای حەز لێکردن و تەماعی داگیرکاریانە بۆ لەشی ئەوەی تر دەگرێتەوە ، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی چەمکێکی گشتییەوهەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە،کە پاشخانێکی سێکسیان هەیە . ((لە ئەدەبی یۆنانیدا» ئوفید» لە کتێبی شعری هونەری ئەویندا کە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا نوسیویەتی بە یەکەمین هێمای ئیرۆتیکی دەژمێردرێت » هەروەها ژنە شاعیری یۆنانی «ساڤۆ» لە هەمان سەردەمدا یەکەمین دەنگی مێینەیە گوزارشت لەئارەزووی ئەوین و سێکس دەکات ، شیعرەکانی شاعیری فەرەنسی» لویس ئەراگۆن»و ڕۆمانەکانی ڕۆمان نوسی ئیتاڵی «ئەلبێرتۆ مۆرافیا» و ڕۆمانەکانی ڕۆمان نوسی بەریتانی «د.لۆرانس» بە ئەدەبی ئیرۆتیکی دادەنرێت )) (٥)،لە ئەدەبیاتی نوسراودا ئەوەی کە زۆر گرنگەو لە کۆنەوە بۆمان ماوێتەوە چەندین تێکستی شیعری سەردەم و چاخە دێرینەکانن، تێکستە شیعرییەکان و پەخشانەکانی شارستانی فیرعەون و بابلی و فینیقی و ئارامی و سۆمەریەکان بەڵگەو شاهیدی ئەو ڕاستییەن ((مێژووی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی نوسراوو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری میللەتانی دوونیا ، ئەدەبیاتی کوردیش کەم و زۆر ئەو نمونانەی تێدایە ))(٦)بێگومان لەناو ئەدەبی کوردیدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی لەم ڕووەوە جێدەستی شاعیرانمان دیارە ، یەکێك لەو شاعیرانەی کە لەم بوارەدا کاری کردووە و ئێمە بە نمونەی توێژینەوەکەمان دیاریمان کردووە ، شاعیری نوێخواز « قوبادی جەلیزادە «یە،چونکە شیعری قوباد شیعری ئەو هەستە نەمرەی مرۆڤە بۆ پێکەوەبوون و جوتبوون و ئەڤین ، شیعری بۆنکردنی ژن و هەڵمژینی مێیەتی و قوتدانی ئیرۆتیکایە بۆ ناو وردترین جومگەکانی جەستە . قوباد یەکێکە لەو شاعیرانەی بوێرانەو بێ شەرمکردن هەندێك بابەتی تابۆی بە شیعر دارشتووە ، ئەو شاعیرێکە بێ پەردە کاری لە بارەی جەستەوە لە شیعرەکانیدا کردووە ، لە جەستەیشدا بە تایبەتی ئەندامە سەرنج ڕاکێش و سێکسیەکانی ڕەگەزی بەرامبەر،لەمبارەیەوە «ئەحمەدی مەلا» دەڵێت : (( شیعری قوباد چۆڕاوگەی هەست و شەهوەت و ئەڤینە ... تك تك دەکەونە سەر موحەڕەمات و کونی دەکەن ))(٧)واتە شیعری قوباد توانیویەتی بەشێکی زۆر بەربەستە کۆمەڵایەتیەکان ببەزێنێت و دەست بۆ بابەتە قەدەغە کراوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی بەرێت . فەزای شیعری قوباد فەزایەکی بێ لایەن و پاك و بێ گەردە ، زنجیرەیەك لە جیاوازییەکان لە تابلۆ و وێناو ماناکانی شیعری پیشان دەدەن . لە دوای ڕووتکردنەوەی جەستەو پەیڤ لە دەلالەتەکانی،کەشی بێ لایەن لە شیعردا هەڵدەبژێرێت تا لەوێدا بەهۆی زمانی ڕووت و

سادەوە ، كە زمانێكی لایەنگر و بارگەكراو نیە بە مانا پێشوەختەكان ، ئەندێشەی خۆی بەیان دەكات و هەموو ئەو وێنە جوانانەش لە مانای شیعردا نەخشە دەكات.

بۆیە قوباد شیعرەكانی لە مانا نەریتییەكانی ئەدەب دەرباز دەكات و دەمانبات بۆ مانا نوێ و دروستكراوەكانی شیعروهونەر،بەوەش شاعیر دەبێتە یەكێك لە هۆنیارە مودێرینە دیار و ناسراوەكانی نەتەوەكەی كە شیعرەكانی دەگاتە رادەیەك سەرجەم لایەنەكانی ژیان لەمانای نەریتی دادەماڵێت ، هەروەك و چۆن هەموو بەرگەكانی (فەرهەنگ ، نەریت ، سیاسەت ، دین )و تەنانەت شیعر و هونەریش لەبەری ئافرەت دادەكەنێت و لە شیعردا رووتی دەكاتەوە ، لەو جەستە رووت و جوانە جیهانێك لە وشەو وێناو ئیستاتیكای شیعر دەخوڵقێنێت ، لەهەمان كاتدا خودی ئەو جەستە رووتە دەبێتە سەرچاوە و كانگای سروشت و فەزای تێكست، چونكە شیعرەكانی لە ستایشی جەستە و سروشت و تێكۆشاندا هونەرێكی هەڵقوڵاوە لە دەرونی پڕ ئەزمونی شیعرەوە . بەم شێوەیە شاعیر لە ستایش و مانای شیعردا دەیانكاتە خاوەن گیانێكی پڕ لە تابلۆ و پەیڤ و خەیاڵ .

تەوەرەی دووەم : جۆرەكانی ئیرۆتیك :

ئەدەبیاتی ئیرۆتیكیی هەموو ئەو دەقە ئەدەبییانە دەگرێتەوە ، كە لە دوو توێیدا جەستە رووت دەكەنەوە و دەربارەی چێژە جەستەییەكان دەدوێن ، دیاریكردنی جۆرەكانی ئیرۆتیك و جیاكردنەوەیان لەگەڵ چەمكەكانی سێكسی و خۆشەویستی و پۆرنۆگرافی كارێكی ئاسان نیە چونكە هەموویان لە شوێنێكدا ئاوێتەی یەكتری دەبن و لە دەوری یەك مەبەستدا دەسورێنەوە،بەڵای ئێمە وجۆرەكانی ئیرۆتیك بەم شێوەیەی خوارةوة پۆلێندةكرێَت :

یەكەم : ماچ : لە هەموو كلتورە جیاوازەكاندا هێمایە بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی و لە هەمان كاتیشدا ئاماژەیە بۆ ئیرۆتیك و حەزە سێكسیەكان ، ناكرێ ئەم گوزارشت كردنە لە ماچ تەنها ببەستینەوە بە مرۆڤەوە بەڵكو لای زۆربەی ئاژەڵانیش هەڵگری هەمان چەمكە .ماچ بریتیە لە لكاندنی لێو بەبەشێكی دیكەی لەشەوە بە ئاسایانە بۆ دەربڕینی سۆزوخۆشەویستی ورێز،یاخود بۆسڵاو و خواحافیزی بەكار دەهێنرێت،لەهةمانكاتیشدا ماچ دەتوانێت بۆنیشاندانی پەیوەندی هەستیی یاخود سێكسی بەكار بهێنرێت.كەواتە ماچ بەریەككەوتنی لێوە بە ئەندامەكانی جەستەوە بۆ دەربڕینی گەلێك مەبەستی جیاواز ((مرۆڤ كائینێكی دووپشتە تەنها ئەوكاتە وەك بەشێكی دانبڕاو لەگەڵ جیهاندا یەك دەگرێتەوە ، كە ڕوخسار و لێوی ئاوێزانی ڕوخسار و لێوی ڕەگەزەكەی تر دەبێت و پێكەوە دەبنە تاقە بونەوەرێكی جوت پشت ئیدی هەموو گەردوون دەبێتە ئەوو ئەویش دەبێتە ئەم.)(٨) كەواتە مرۆڤ دروستكراوێكی ناكامڵەو هەمیشە بە دوای پڕكردنەوەی بۆشاییەكانیدا دەگەڕێت ، لەبەر ئەوە ماچ یەكەمین هەنگاوە بۆ پڕكردنەوەی حەزە چەسپێنراو و شاراوەكانی مرۆڤ . بەم پێیە ماچ ڕەگەزێكی گرنگی ئیرۆتیكەو ڕۆڵێكی گرنگی لە كاری سێكسیدا هەیە .

شیعری قوبادی جەلیزادە ،نمونەی بڵندی ئەدەبی ئیرۆتیكایە ، ئەولە بواری نوسینی ئەو جۆرە ئەدەبەدا دەست پێشخەریەكی بوێرانەی كردووە ، لةئێَناسةكردنی ماضدا قوباد دەڵێت .

ماچ

گۆڕینەوەی حەزە ئەسیرەكانی

دوولەشە

لەسەر سنوری

دوو لێودا (٩)

یاخود دەڵێ:

ماچ

لە دەمەوە بۆ دەم

ماچ

چرپەیەکی پڕ لە ژیلەمۆی نهێنیە(١٠)

لەم نموونانەدا شاعیر ئاماژە بە وروژاندنی حەز و ئارەزووە جەستەییەکانی دوو ڕەگەزی جیاواز دەکات ، کە لە کاتی ماچکردندا دروست دەبێت ، شاعیر لە نەخشەی جوگرافیای جەستەی ژندا بە ماچ هەموو شوێنێك دەپشکنێت و لەم دەقانەدا دێڕەکان شیلەی ماچیان لێ دەچۆڕێت ، واتە مرۆڤ هەموو ئەو نهێنیانەی کە لە ناخیدا هەیە بۆ ڕەگەزی بەرامبەرەکەی لە ڕێگەی ماچەوە دەری دەبڕێت و هەموو حەز و ئارەزووەکان دەگوێزرێتەوە بۆ سەر سنوری لێو .

دووەم : مەمك: مەمك یەکێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ، کە لە ڕووی قەبارەو ئەرکەوە جیاوازە لە نێوان ژن و پیاودا،»مەمك« وەك ئەندامێکی جەستەی ژن لە ڕووی ئێستاتیکیەوە بە گرنگترین و سەرنجراکێشترین ئەندامی جەستە دادەنرێت بۆیە ئەم ئەندامە ئێستاتیکیەی ژن بۆتە کەرەستەیەکی هونەری لە سەرجەم هونەرەکانی نیگارکێشیی و ژانەرەکانی ئەدەب (شیعر ، چیرۆك ، ڕۆمان ..هتد) ڕەنگی داوەتەوە و بووە بە هۆی سەرچاوەی لە دایکبوونی چەندین بەرهەمی ئەدەبی جوان لای شاعیران و نووسەران . لە ڕووی ئەرکەوە مەمك لە ئافرەتدا دوو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت (بەشی یەکەم پەیوەستە بەو کەناڵانەی کە شیر بەرهەم دەهێنێت ، بەشی دوهەمیش هەموو ئەو ماسولکەو ڕۆن و دەمارانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە دروست کردن و گەشەسەندنی فۆڕمی مەمك )(١١) واتە مەمك هەم مەڵبەندی دروستکردنی شیرە کە سەرچاوەیەکی خۆراکی گرنگە بۆ منداڵ و وزەی گەشەکردن بەدەستدەهێنێت لە هەمان کاتیشدا .ئەندامێکی سێکسی و گرنگی جەستەیە کە جوانیەکی زۆر بەئافرەت دەبەخشێت،مەمك ماناو دەلالەتی زۆر هەڵدەگرێت، دەتوانین بە سەرچاوەی گەشە پێدانی بزانین و لێرەوە منداڵ فێری یەکەم ماچی خۆشەویستی دەبێت.بە ((بە پێی تیۆرەکانی فرۆید حەزی سێکسی لەیەکەم قومی شیرەوە دروست دەبێت ، کاتێك منداڵ دەمی بەر مەمکی دایکی دەکەوێت بەڕای فرۆید ئەم چرکە ساتە (مژینی مەمکی دایك ) چرکەساتی بزواندن و دروستبوونی حەزی سێکسیە تا مردن لەگەڵ مرۆڤ دەمێنێتەوە )).(١٢)

بۆیە جەستەی ژن پێکهاتەیەکی ئۆنتۆلۆژیای سەرنجراکێشی هەیە و چێژ دەبەخشێت ئەم ئەندامە چێژبەخش و ئیستاتیکایەی ژن »مەمك« بۆتە جێگای سەرنجی شاعیران وبەرهەمی جوانیان بۆ نوسیوە . لەم بارەیەوە »قوباد« دەڵێت:

مەمك

مەمکت

دوو نارنجۆکە لە دووگ

هەمیشە

هەڕەشە لە پەنجەکانم دەکەن! (١٣)

مەمك

بەردەوام مەمکت

تك...

تك..

دەڕژێنە نێو دەمم

کەچی ،

نەمەمکت بچوك دەبێتەوە

نە دەمم تێر دەبێ))(١٤)

شاعیر لەم دوو دەقەدا جەخت لەسەر ئەندامی »مەمك« دەکاتەوە ، وەکو ئەندامێکی ئیرۆتیکی بە بایەخ ، کە ڕەگەزی نێرینە هەمیشە حەز و خولیایەکی زۆریان بەرامبەر ئەم ئەندامەی جەستەی ژن هەیە هەرچەندە شیعرەکانی قوباد ڕوونییان پێوە دیارە ، بەڵام هێشتا یەك مانا بەدەستەوە نادەن و چەندین مانای جیاواز هەڵدەگرن ، هەر شیعرێکی لە دەرگای بابەتێکی جیاواز دەدات ، بەڵام وەك داوێکی باریك کە بە

چاوی هۆش دەبینرێت ،نەك بەو دوو چاوەی شتی دیکەیان پێ دەبینرێت ، هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا هەن ، بەم پێیە مەمك یەکێکە لە ئەندامە گرنگەکانی جەستەی ئافرەت و ڕەگەزێکی گرنگی شیعری ئیرۆتیکیش پێك دەهێنێت و هەمیشە جێگای حەزی ڕەگەزی بەرامبەرە.

سێیەم: سێکس: چالاکییەکی جەستەییە مەبەست لێی بەتاڵکردنەوەی شەهوەت و حەز و ئارەزووەکانی دوو ڕەگەزی جیاوازە بەرامبەر بە یەکتری ، کە لە ئەنجامدا چێژ و خۆشی ڕۆحی و جەستەی  دروست دەکات، هەر ئەنجامدانی کاری سێکسیش دەبێتە هۆی دروستکردنی منداڵ و نەوە خستنەوە و بەردەوامیدان بە بونی مرۆڤ و ژیان ، لە ئەدەبیاتی جیهانیدا نمونەی ئەدەبی سێکسی مێژوویەکی کۆنی هەیە ، چونکە ئارەزووی سێکسی و هەوڵدان بۆ بە چێژ گەیشتن لەگەل دروستبوونی مرۆڤدا هەبووە .

بۆ نموونە (( دۆزینەوەی ئەو خەیاڵە سێکسیە نەخشێنراوانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی چاخی بەردین دەیان بینین ))(١٥)  ،واتە هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە ، مرۆڤی سەرەتایی هەوڵی داوە لە ڕێگەی خەیاڵ و وێنەوئاماژەوەبەحەزوئارەزووەجەستەییەکانی خۆی بگات،لەتەواوی ئەدەب و هونەرە جیهانیەکان و کارە میللیەکاندا بەردەوام سێکس بە شێوەیەکی ئاشکرا و بێ پەردە پۆشی بە خامەی شاعیرە مەزنەکان و گەورە نوسەر و وێنە کێشەکانەوە خراوەتە بەر باس و بۆتە هۆکاری شکاندنی شەرم و ترس. ناوبانگی هەندێك لە ڕۆمان و فلیمە جیهانیەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ دیمەنە سێکسیەکانیان، کە ئامانجی نوسەر یان هونەرمەند بریتیە لە ڕازی کردنی یەکێك لە کاراترین غەریزەکانی جەماوەر و کۆمەڵ، کە ئەویش حەز و غەریزەی سێکسیە ، دیارە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا شەرمنیەکی زۆر هەیە لە باسکردنی بابەتە سێکسیەکاندا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە شاعیرەکانمان هەوڵیان داوە خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە بدەن ، قوبادیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تاڕادەیەکی باش بوێری هەیە لە باسکردنی ئەم بابەتانەدا ، هەروەك لە شیعرێکدا دەڵێت :

زەوی مەمکی ڕووت دەکات و

لەسەرپشت ، ڕادەکشێت

دەرپێکەی

فڕێ دەداتە

بۆشایی

داوێنی هەوا تڕی دەبێت لە شێ

هەور ئاوی دەهێتەوە )١٦(

هەروەك چۆن لە ئەفسانەی یۆنانیدا زەوی بەدایك چوێنراوەواتە زەوی مێیە،لێرەشدا شاعیر مەمك لە ئافرەتەوە دەخوازێ بۆ زەوی ، ئاو هاتنەوەیش لە پیاوەوە بۆ هەور ،واتە (بە نێرکردن و بە مێکردن)ی ئاسمان و زەوی .

شاعیر لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێت:

داربەڕوویەك ،

بە پێنج پەنجەی ڕەگ

مەمکی گردێکی گوشیوە

لقی دار ڕەپ بووە لە خۆشیا

گۆی گرد، گرژ بۆتەوە لە تاو(١٧)

شاعیر لەم دوو نمونەیەدا وەك پرۆسەیەکی سێکسی تەماشای سروشت دەکات،وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی ئیرۆتیك و باسی ئەو گۆڕانکاریە جەستەییانە دەکات ، کە لە کاتی جوت بووندا روو دەدەن هەرچەندە هەندێك لە ئەندامەکانی جەستەی چواندووە بە کەرەستە سروشتیەکانی دەوروبەر و کە ئەمەش جوانترین ئەو وێنە شعریانەن کە خوێنەرانی شیعر پێیان جوان بووە ، واتە ئاوێتە کردنی سیفات و خاسیەتەکانی مرۆڤە لە سروشت ، یان ڕوونتر بڵێین بەخشینی سیفاتی مرۆڤە بە سروشت و دەوروبەر ، شیعرەکانی قوباد چێژ و هەست بزواندنێکی زۆری تێدایە

، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لایەنی تەکنیکی و هونەری شیعریەت لەدەست بدات ، ڕاستە شاعیر بە شێوەیەك لە شێوەکان ئامانجی هەست بزواندن و چێژ گەیاندنە،بەڵام بە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی پەیامەکەی دەگەیەنێت ، دەربڕینەکانی سەرچاوەیەکن بۆ جموجۆڵە غەریزەییەکان ، تێروانینی فرۆید بۆ خۆشەویستی وایە هەستە کپ کراوەکان لە نائاگایدا لەژێر کاریگەری غەریزەیەکی سێکسیدایە و ئامانجیش لەم ناو هێنانە گەیشتنە بە کرداری جوت بوون و گەمەی سێکسی و لەزەت بەخشین(( ئەو نوسەرەی پەردە لەسەر پەیوەندیە سێکسیەکانی نێوان ئافرەت و پیاو هەڵدەماڵێت و دەریدەخات و ڕووتی دەکاتەوە ، مەبەستی پیادە کردن و حەزو مەیلی ڕووت کردنەوەیە هەروەها چێژ لەو هەستکردن بە شۆکە دەبینێت کە لە خوێنەرەکانیدا دروست دەبێت))(١٨) واتە ئەو نوسەرانەی کە لە باسی ئیرۆتیکیدا کار دەکەن هەوڵ دەدەن باسی جەستە بەڕووتی بکەن بێ هیچ پەردەیەك تاکو چێژ لای خوێنەر دروست بکەن هەر سەبارەت بە سێکس فرۆید پێی وایە (کە ئامانجی مرۆڤ لە سێکسدا وە چەخستنەوە و زاوزێ نیە ، بەڵکو ئامانجەکە چێژ وەرگرتنە ))(١٩)واتە سێکس دەبێت لە پێناو وەرگرتنی چێژدا بکرێت نەك بۆ وەچە خستنەوە و دروست کردنی منداڵ ، قوبادیش لەو دەقانەیدا هەروەك و چێژ باسی سێکس دەکات و لەزەت بە خوێنەر دەبەخشێت.

## بەشی دووەم : وێنەی ئیرۆتیکیی لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا

### تەوەری یەکەم : چەمك و پێناسەی وێنەی شیعری

وێنەی شیعریی یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی شیعر لەناو ئەدەبدا، وێنەی شیعریی هەر لەکۆنەوە لەگەڵ شیعردا هاتووە و پەیوەست بوون بەیەکەوە،ئەم هونەرە زیاتر لە چوارچێوەی ڕەوانبێژیدا خۆی دەبینێتەوە .

((وێنە لە ڕەخنەی ئەورووپیدا (image)ی پێ دەوترێت ، کە وشەیەکی ئینگلیزییە ، وشەی وێنە (image) لە ئینگلیزیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕەگە هاوبەشە دەکات ، کە لەگەڵ وشەی خەیاڵدا (imageination) هەیەتی کە بۆتە هۆی هاوبەشیان لە یەك بواری مەعریفیدا و ئەو پەیوەندییە بە تینەی کە لە نێوان خەیاڵ و وێنەدا هەیە بەو پێیەی وێنە گرنگترین بەرجەستەکاری خەیاڵە لە شیعردا ، ئاشکراشە وشەی ئینگلیزی (imageination) لەوشەی(imageinata)ی لاتینی وەرگیراوە ، بەرامبەری لە یۆنانیدا (phantasia) یە ، کە ڕاستەوخۆ وشەی ئینگلیزی (fancy)ی لێ وەرگیراوە ، هەردوو وشەی (imageination) (fancy) لە ئاماژەکردنیان بۆ وەرگرتنی وێنە هاو واتان و بەواتای (خەیاڵ) دێن ))(٢٠)

کەواتە خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی شیعرەو لە دروستکردنی وێنەی شیعریشدا بەشداریەکی گەورە دەکات ، بەهۆی وێنەوە شاعیر هەست و بیر و یادەوەریەکانی بە شێوەیەکی هونەری پێکەوە دەنێت ، لەبەرامبەر ئەم زاراوانەدا لە زمانی فارسیدا ((زاراوەی (صورى خيال) واتە وێنەی خەیاڵ بەکار دەهێنرێت لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەی (الصوره الشعرية) کە بە مانای وێنەی شیعری یان (صوره فنيه) (وێنەی هونەری ) بەکار دەهێنرێت یاخود (الصورة الادبيه)کەوێنەکانی شیعر و پەخشان دەگرێتەوە ، لە ئەدەبی کوردیشدا زاراوەی (وێنەی ئەدەبی ) و (وێنەی شیعری) و (وێنەی هونەری ) بەرچاو دەکەوێت))(٢١) ئێمە لە توێژینەوەکەماندا زاراوەی (وێنەی شیعری) مان هەڵبژاردووە و لەدوتوێی لێکۆڵینەوەکەدا بەکارمان هێناوە

((وێنەی شیعری کێشانی وێنەی خەیاڵیەو کاریگەریەکەی پەیوەستە بە دەرون و توانای شاعیرەوە ))(٢٢) واتە دروست کردنی وێنەی شیعری بە ئەندێشەو خەیاڵی شاعیر لە ناو دەقی شیعریدا لەبن نەهاتووە و دەکەوێتە سەر لێهاتوویی و سەلیقەی نووسەر ، کە چۆن وێنەی ناوازە و سەرنج ڕاکێش بهێنێتە بەرهەم، چونکە هەر شاعیرەو بە شێوازی تایبەتی خۆی دەنوسێت.بەگشتی دەتوانین بڵێین وێنەی شیعری ڕەگەزێکی بە بایەخی شیعرەو دروست کردنی وێنەیە بەواژە ، پەیوەست بوون و ئاوێتە کردنی کۆمەڵە بابەتێکە لە نێو دەقی شیعریدا ، کە ئەمەش بێگومان لە ڕێی ڕەگەز و پێکهاتەکانی وێنەی شیعریەوە کە بریتین لە (زمان ، بیر ، سۆز ، ئەندێشە ، نەست) وە دروست دەبن و دواتر لە فکر و ئەندێشەی خوێنەردا بەرجەستە دەبێت و خەیاڵی خوێنەر دەوروژێنێت ، هەروەها چێژی هونەری و ئیستاتیکی شعری دەبەخشێت (( وێنەی شیعری لە سادەترین مانایدا وێنە کێشانە بە وشە ))(٢٣)واتە شاعیر یاخود نوسەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و یاریکردنی بە وشەکانی زمان

وێنەی جۆراو جۆری شعری بەرجەستە دەکات ، لێرەوە دەتوانین بڵێین وێنەی شیعری زادەی وشە زمانیەکانە کە شاعیر لێهاتووانە بەرهەمی شیعری پێ دەخوڵقێنێت ، هەروەك چۆن نیگارکێشێك لە ڕێگەی بەکارهێنانی فڵچەو ڕەنگی جۆر بەجۆرەوە تابلۆی هونەری و سەرنج ڕاکێش دەنەخشێنێت کەواتە ئەوەی شاعیر هەستی پێ دەکات گرتنی ئەو وێنانەیە بە چاوی وشە و زمان ، بەو مانایەی خوێنەر یان گوێگری شیعری بە وریاییەوە دەتوانێت ئەو وێنانە لە خەیاڵدا بکێشێت ، کەواتە (( وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی گرنگی بونیادی شیعریە و لە شێوەی تابلۆیەکی شێوەکاریە ، کەرەستەکانی و وشەی جوان و خەیاڵی دەرونی شاعیرن بەهۆیەوە شاعیر ئەزمونی خۆی و تێڕوانینی بۆ دیاردەکانی دەوروبەری دەخاتە ناو چوار چێوەی دەقە شیعریەکەی))(٢٤)واتە وێنەی شیعری وێنەگەلێکە لە خەیاڵدانی شاعیردا دروست دەبێت و دەخرێتە نێو دەقی شیعریەوە ، بێگومان دروست بوونی ئەم وێنانەش پەیوەستە بە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیەوە .

واتە وێنەی شیعری سەرچاوەیەکە بۆ ئەوەی شاعیر ئەوەی لە بیر و دڵ و دەرونیدایە لە چوارچێوەی دەقێکدا لەڕێگەی وێنەی شیعرییەوە بیگەیەنێتە خوێنەر مەبەستی شیعر لە شیعرەکانی قوباددا لەزەت گەیاندن و هەست بزواندنە هەروەك چۆن لای هۆراس ئەرك و مەبەستی شیعر((سود بەخشین یاخود لەزەت گەیاندنە یان لە یەك کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە ))(٢٥)کەواتە قوبادی شاعیر بە یەکێك لە شاعیرە ئیرۆتیکەکانی ئەدەبی کوردی دادەنرێت کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی دەچێتە ئەو قاڵبە شیعریەوە

## تەوەری دووەم :

### ١-ڕۆڵی وێنەی خواستن لە دروست کردنی وێنەی ئیرۆتیکیدا :

خواستن هونەرێکی ڕەوانبێژیەو یەکێکە لە و لایەنانەی کە توانای بونیادنانی وێنەی شیعری هەیە لە نێو دەق ئەدەبیدا . خواستن واتە ((سیفەتێکی شتێك دەگوێزینەوە بۆ شتێکی تر ، یان بۆ مرۆڤ ، یان لە سروشتە وە بۆ مرۆڤ و بە پێچەوانەشەوە ، کە تێیدا یەك شت ، بیر یان کارێك بە وشەو دەربڕین دەگێڕێتەوە بۆ شت ، بیر یان کارێکی تر ، چونکە هەندێ خاسیەتی هاوبەشیان هەیە ))(٢٦)کەواتە هونەری خواستن هونەرێکە سیفەتی هاوبەشی لە تەنێکەوە بۆ تەنێکی دیکە یاخود لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگوازێتەوە ، واتە تەوزیفکردنی واتایەکە بۆ مەبەستێکی تایبەتی لە دارشتنێکی تازەدا لە نێوان شتێك و شتێکی تردا .

لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا بەم شێوەیە چەمکی خواستن ڕوون کراوەتەوە کە بریتی یە لە (( وشەیەك یان دەربڕاوێك ، کە بە شێوەیەکی خەیاڵی بەکار دێت بە مەبەستی وەسفکردنی کەسێك یان شتێك لە پێناو پیشاندانی ئەوەی دوو کەس یان دوو شت سیفەت و تایبەت مەندیان لە یەکەوە نزیك بێت ، مەبەستی بەهێزکردنی سیفەت و تایبەتمەندییەکە لە ڕێگەی یەکێکیانەوە بۆ ئەوەی تریان ))(٢٧)لەبەر ئەوە خواستن بەرزترین ئامرازی شاعیرە بۆ دەرخستنی پەیوەندی لە نێوان ئەو شت و کەرەستانەی کە تێکەڵاو نین ، بەواتایەکی دیکە خواستن کلیلی مانایە لە ناو دەقی شیعریدا و پێگەیشتنی شاعیر دەسەلمێنێ.

لە ناو دەقی شیعریشدا خواستن نابێت سادەو ساکار بێت و هەموو خوێنەرێ بە ئاسانی بیزانێت چونکە ((نهێنێ جوانی لە خواستندا دەوەستێتە سەر ئەو ڕەمز و ئیشارە و سروشتەی کە دەیگرێتە خۆی بۆ واتا شاراوە دوورەکانی کە لە سەر ڕووی مانای ڕووکەشدا دێن))(٢٨)لەبەر ئەوەی بە میتافۆر بوونی دەق بەهای کراوە و چێژ و ئیستاتیکا دەخوڵقێنێ و وا لە خوێنەرانی دەکات لە پرۆسەی شرۆڤە کردن و شۆڕبوونەوە بە ناخی دەقدا جێ بەجێ بکات و لێکدانەوە و واتای زیاتر و زیاتر بۆ دەقەکان بکات ، لەبەر ئەوەی هونەری خواستن هونەری تێکەڵ کردنی شتەکانە بۆیە بوارێکی فراوان بە خوێنەر دەدات بۆ دروست کردنی وێنەی زۆر و لە بن نەهاتوو هەرلەبەر ئەمەش ئەم هونەرەی ڕەوانبێژی ((بە کۆڵەکەی دروست کردن و دیارترین شێوازی وێنەی شیعری و هونەری دادەنرێت))(٢٩)چونکە هونەری خواستن بنچینەیەکە بۆ بەدەستخستنی دیارترین وێنەی شیعری لە ناو دەقی شیعری شاعیراندا و ئاسۆی بەرزی ڕەوانبێژی و نیشانەی داهێنانە ، خواستنیش چوار بنەڕەتی سەرەکی هەیە ، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-بۆ خواستراو : بریتیە لە مانای ڕاستەقینەی وشەکە،کە بۆ وشەیەکی دیکە دەیخوازینەوە .

٢-لێخواستراو: بەو وشەیەدەگوترێت کە ماناکەمان لەو وەرگرتووە بۆ بۆخواستراو .

٣-كۆكراو : ئەو سیفەتەیە كە لە لێخواستراوەوە بەهۆی هاوبەشیەوە و بوونی لە هەردوو وشەكەدا ، لەوانەدا كۆبۆتەوە و گواستراوەتەوە بۆ بۆخواستراو .

٤-خواستراو: ئەو سیفەتە یان ئەو وشەیەیە ، كە لەمانا ڕاستەقینەكەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ مانا خوازەكە))(٣٠)

خواستنیش بە بێ نیشانە پێك نایات ، نیشانەكەشی لەوانەیە وشە بێت و لە ڕستەكەدا هاتبێت ڕەنگە مانا بێت و تەنیا لە ڕووی گوزارەكەوە بتوانین لە خواستنەكە بگەین.

قوبادی جەلیزادە لە هۆنراوەی (دەریا) دا وێنەی خواستنمان بۆ دەكێشێت و دەڵێت :

دوو دوند لە چیای زیزبوون

پەنایان بردە بەر سینگت (٣١)

لێرەدا شاعیر بە ئاشكرا (دوند)ی خواستووە لە شوێنی مەمكی داناوە لەم دەقەدا شاعیر بەهۆی بەكارهێنانی هونەری خواستنەوە كە یەكێكە لە هونەرەكانی ڕەوانبێژی وێنەیەكی ئیرۆتیكی دروستكردووە

شاعیر لە شیعرێكی دیكەدا دەڵێت :

درەخت و خاك ژن و مێردن

بەڵام تەنیا ،

لە پایزدا ڕووت دەبنەوە

تەنیا لە زستانێ ، جووت دەبن

تەنیا لە بەهارێ ، منداڵ دەخەنەوە (٣٢)

شاعیر لەم چەند دێڕەدا وێنەیەكی ئیرۆتیكی لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە دروست كردووە كە باسی جوتبوون و دروستبوونی منداڵ دەكات ، هینانی وەرزە كانی سال لێرە داتەنهابۆدیاریكردنی كاتی ئەنجامدانی ڕووتبوونە وەوجووتبوون ومنداڵ خستنە وەیە بۆیە بەكەسكردنە كە ی لە گەڵ درەخت وخاك ئەنجام داوە ، واتە وشەكانی

ڕووت بوونەوە
جووت بوون — لێ خواستراون.
منداڵ خستنەوە

درەخت وخاك — بۆ خواستراوە

لە پایزدا درەختەكان ڕووت دەبنەوە و گەڵاكانیان دەوەرێت هەر لە زستاندا لەبەر سەرما خاك و درەخت جووت دەبن ، بەهاریش وەرزی ژیانەوەیە كە ئەو ژیانەوەیە چوێنراوە بە خستنەوەی منداڵ لای مرۆڤ.

شاعیر دەڵێت:

لە پایزدا درەختەكان ڕووت دەبنەوە و گەڵاكانیان دەوەرێت هەر لە زستاندا لەبەر سەرما خاك و درەخت جووت دەبن ، بەهاریش وەرزی ژیانەوەیە كە ئەو ژیانەوەیە چوێنراوە بە خستنەوەی منداڵ لای مرۆڤ.

شاعیر دەڵێت:

چەند گوڵە لاولاوێك

توند

توند

پووزی لوسی چنارێكیان

گرتۆتە ئامێز

تا ساتەکانی هەڵوەرین،

بۆنی پێوە دەکەن

ڕوومەتی پێ گەرم دەکەنەوە

ڕایدەمووسن (٣٣)

شاعیر لێرەدا بە بەکارهێنانی کەرەستە سروشتیەکان و ڕووەك هەوڵی داوە وێنەیەکی ئیرۆتیکی دروست بکات بە سوود وەرگرتن لە هونەری خواستن ، یەکێك لە سیفاتەکانی گوڵی (لاولاو) ئەوەیە کە بەدرەخت و تەنەکانی دەوروبەریدا دەئاڵێت، شاعیر ئەم سیفەتەی خواستوە بۆ مرۆڤ (پووز) کە ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە خستوویەتیە پاڵ چنار کە ئەمەش بەکەسکردنە .

پووزی چنار

بۆن پێوەکردن ——— لێ خواستراون.

ڕاموسین

مرۆڤ ـ بۆ خواستراوە .

شاعیر لە نموونەیەکی تردا دەڵێت :

لەسەر مژینی مەمکی درەختێکی بەهەشت، لەبەهەشت بەدەرکرام ،

دەخوازم ئەمجارە لە ڕێی مژینی مەمکەکانی تۆوە بگەڕێمەوە بۆ بەهەشت (٣٤)

قوبادی جەلیزادە لێرەدا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ و دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشت ، بەهۆی خواردنی میوەیەکی حەرمکراوەوە، کە دەوترێت (سێو ) بووە ، شاعیر وێنەیەکی ئیرۆتکیمان بۆ دروست دەکات ، بەسوود وەرگرتن لە هونەری خواستن ، لێرەدا وشەی (مەمکی درەخت) خواستنە ، چونکە درەخت مەمکی نیە بەڵکو هەوڵدراوە کە درەخت بە مرۆڤ بچوێنرێت بۆیە مەمکی داوەتە پاڵ درەخت چونکە مەمکی لە سێو دەچێت ، لە ڕووی شێوەوە زۆرێك لە شاعیران مەمك بە سێو دەچوێنن.

مەمکی درەخت ــ لێ خواستراو

مرۆڤ ــ بۆ خواستراوە (نەهاتوە)

شاعیر لە نمونەیەکی تردا (صابوون چۆن هەڵناخلیسکێت) دەڵێت :

دووش چۆن ناخلیسکێت و ئاوێنە چۆن ، هەلاهەلا نابێت ،

بانیۆ ، چۆن دەتوانێت ، بەبێ دەنگی لێی پاڵکەوێت و هەڵنەستێتە سەرپێ،

لفکە چۆن دەتوانێت ، بەتاکە دەستێك ، خۆی بە سنگێکی باریکەوە هەڵبواسێت و دەماوەدەم نەکەوێتە سەر بەلوعە و دەم و ددانە زبرەکانی وردوخاش نەبن.

صابوون ، چۆن هەڵناخلیسکێت و دەستەکانی بەرپێت خوێنیان جۆگەلە نابەستێت .

دیوار وەك هەنارێکی زێدە گەیو ، چۆن لەسەد جێگەوە درز نابات

کەتۆ لەناو حەمامەکەدا ، ڕووت دەبیتەوە ،

پێم سەیرە چۆن

بوومەلەرزەیەك بە پلەی ١٢ بە پێوانەی ئیرۆس،

دنیا سەرەو بن ناکات ، ئەی دۆست (٣٥)

شاعیر لەم دەقەدا تەواوی سیفاتە مرۆییەکانی گواستۆتەوە بۆ تەنە بێگیانەکان،هونەری خواستن لێرەدا بریتیە لە بەکەسکردن و پێدانی جوڵە بەو کەرەستانەی کە مرۆڤ بۆ پاککردنەوەی جەستە بەکاریان دەهێنێت.

٢-ڕۆڵی وێنەی لێکچوواندن لە دروست کردنی وێنەی ئیرۆتیکیدا :

لێکچواندن هونەرێکی ڕەوانبێژیەو بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی بونیادنانی وێنەی شیعری دادەنرێت لە نێو دەقی ئەدەبیدا ، لێکچواندن لە ئەدەبدا لەسەر بنەمای خەیاڵ دادەمەزرێت ، لێکچواندنی ئەو دوو شتەی کە باسی لێوە دەکرێت و بەیەکتری دەچوێنرێت لە بیرو مێشکی شاعیر یان نوسەردا دروست بووە ، ((لێکچواندن خستنە ڕووی شتێك یان چەند شتێکە لە ڕووی واتاوە کە هاوبەشن لە سیفەتدا لە ڕێگەی ئامرازەکانی لێك چوواندن ، وەك یەك بۆ دەرخستن و ڕوون کردنەوەی شتێکی نادیارە ، کە بە شتێکی دیار و ناسراو دەچوێنرێت .یان دەرخستنی بڕ و سۆز یان ڕازاندنەوەی دەربڕین ))(٣٦) واتە هەمیشە لە لێکچواندندا دوو شت بە یەك دەچوێنرێت کە لە سیفەتێکدا هاوبەشن بەڵام ئەم سیفەتە لە کەرەستەیەکیاندا زاڵترە ، ((لێکچواندن بەستن و پەیدا کردنی وێکچوونێکە لە نێوان دوو شت یان زیاتردا ، بە مەبەستی بەشداری کردنیان لە شێوەیەك یان زیاتر بە ئامرازێك لەوبارەی کە قسە کەر مەبەستێتی))(٣٧)

کەواتە لێکچوواندن، لێکچواندنی شتێکە بە شتێکی دیکە ، بە مەبەستی بەدەست هێنانی پێچوێندراو ، دەتوانین بڵێین کە ئەم هونەرە کۆنترین وێنەی ڕوونبێژییەو لە هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی ئاسانترە بۆ تێگەیشتن و دەکرێت بڵێین چواندن پێکەوە هاتنی دوو شتە ، کە لە هەندێ سیفات و تایبەتمەندیاندا هاوبەشن ، بەڵام هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی خۆیان بن ، هەروەك چۆن لەبارەی چواندنەوە وتراوە کە ((شت بە خۆی ناچوێنرێت و شتێکیش بەیەك ناچوێنرێت کە لە هیچ سیفەتێکەوە لەیەك نەچن چونکە ئەگەر ئەو دوو شتە لە هەموو لایەکەوە لەیەك بچن ، ئەوا دەبن بە یەك ))(٣٨) کەواتە ئەگەر بمانەوێت سیفات و تایبەتمەندی شتێك دەربخەین ئەوا بە شتێکی دیکەی نزیك لە خۆی دەچوێنین .

کەواتە لێکچواندن ((ساغ کردنەوەی سیفەتی کزو نادیاری(لێچوو)ە بەسیفەتی زەق و ئاشکرای لەو چوو))(٣٩) بەم پێیە لێکچواندن دەستێکی باڵای هەیە لە پیشاندان و ڕازاندنەوەی وێنەکێشانی ناو وێنە شیعریەکانی دەقێکی شیعری ، کەواتە لێکچواندن یەکێکە لەو شێوازە هونەرییانەی کە وێنەی شیعری لەسەر بنیاد دەنرێت ، شاعیران بە شێوەیەکی زۆر فراوان بەکاری دەهێنن ، ئەمەش لە دوو لایەندا خۆی دەبینێتەوە ، کە هەردوو شتەکە لە هەندێ سیفات و تایبەتمەندیدا لەیەك بچن و لە هەندێکیشیاندا جیاواز بن ، چونکە دەوترێت و لێکچواندن ((پەیوەندیەکی بەراوردییە لە نێوان دوو لایەن بەهۆی یەکبوون و هاوبەشیان لە خاسیەتێك یان حاڵەتێك یان لە چەند خاسیەت و حاڵەتێکدا))(٤٠)هونەری لێکچواندن چوار بنەڕەتی سەرەکی هەیە

((١-لێچوو : ئەو لایەنەیە کە مەبەستمانە بەلایەنێکی دیکەی بچوێنین .

٢-لەوچوو : ئەو لایەنەیە کە دەمانەوێت چوێنراوی پێ بچوێنین.

٣-ئەوزاری چواندن : ئەو ئامرازەیە کە لێچوو و لەوچوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەکرێت بەکار بهێنرێت یان لا ببرێت.

٤-ڕووی لێکچوون : سیفەتی کۆکەرەوەی نێوان لێچوو و لەوچووە و لەهەمان کاتیشیدا کۆکەرەوەشی پێ دەوترێت.))(٤١)

قوباد لە شیعری (شەو) دا دەڵێت:

شەو ، مێردێکی ئەزەلیی خۆرە

خۆریش ، ژنێکی ئەبەدی

شەوا!

هەموو بوولێڵێك

تا دەمی کازیوە

لە شانشینی پشتی چیاکاندا

جوت دەبن

لەدەمی ئەوانەوە

ملیارەها ماچ لە شەقەی باڵ دەدەن

ئەوان،

ملیارەها جگەر گۆشە و دەبەخشن بە ئاسمان

لێرە ،

بەورێژنە ماچانە دەڵێن

باران !

بەو جگەر گۆشانەش دەڵێن ئەستێرە!! (٤٢)

شاعیر لە رێگەی سود وەرگرتن لە هونەری لێكچواندنەوە توانیویەتی وێنەیەكی ئیرۆتیكی دروست بكات ، كە باس لە پرۆسەی سێكسی دەكات و چۆنیەتی دروست كردنی منداڵ لە ئەنجامی جوتبوونی دوو رەگەزی جوداوە كە لێرەدا ((رێژنەی ماچی ))چواندووە بە باران ، كە رێژنە زیاتر سیفەتی بارانە،باران بەرێژنە دەبارێت كە شاعیر خستویەتیە پاڵ ماچ واتە ماچ و باران لەیەك دەچن لە زۆری و بە رێژنەیدا .

ماچ ـ لێچوە .

باران ـ لەوچووە .

دەڵێن ـ ئامرازی پێكەوە بەستنە .

رێژنە ـ رووی لێكچوونە.

قوباد لە شیعری (چای حەلیب) دا دەڵێت:

جۆگەی شیعرە لەشی سپیت..

لەشی رەشم،

جۆگەی چایە ،

بالێگەرێین ئاوێتە بن

خورەی ئەو هەردوو جۆگایە (٤٣)

دیسانەوە قوبادی جەلیزادە وەكو شاعیرێكی تینوی ژن و جوانیەكانی جەستەی ژن سودی لە هونەری لێكچواندن وەرگرتوە و وێنەی ئیرۆتیكی پێ دروست كردووە و وەسفی جەستەی عاشقەكەی دەكات و دەیچوێنێت بە جۆگەی شیر لە سپێتی و جوانیدا و جەستەی خۆشی دەچوێنێت بە (چا) لە رەشیدا ، واتە

لەش ــ لێچوو .

جۆگەی چا ــ لەوچوو

جۆگەی شیر ــ لەوچوو .

ئامراز نەهاتووە

رووی لێكچوون سپێتی و رەشێتی یە .

قوباد لە شیعری (مەمك) دا دەڵێت :

ئێستە مەمكت ...

دوو پشیلەی خڕیماڵین.

هەتا زێتر ،

دەستیان بەسەر سەرا بێنم

پتر چاوی حەز لێك دەنێن،

کەچی دوێنێ

دوو بارەکەوی کێوی بوون

هەتا شابالیم هەڵکێشان

سەد دەنوکیان دا لە دەستم (٤٤)

دوبارە قوبادی شاعیر وەکو عاشقێکی مەمك و جوانی ژنان مەمکی چواندووە بە دوو پشیلەی خڕی ماڵی چونکە پشیلەی ماڵی دەستەمۆ دەبێت کە دەست بەسەریدا دەهێنیت باس لەوەدەکات کە هەتا دەستیان پێدا بێنیت زیاتر حەز دەکەن و چێژ وەردەگرن لەو دەست بازیە .

مەمك ـ لێچوو

دوو پشیلەی خڕی ماڵی ـ لەوچوو .

ڕووی لێکچوونیان ـ دەستەمۆییانە .

شاعیر لە شیعری (کێو) دا دەڵێت :

بۆیە مەمکی تۆم خۆش دەوێ

لە کێو دەچێ

کانی و ..

بنار و..

هەوراز و...

دوندی هەیە

هۆ کچی جوان ..

ئەگەر کێوێ بمتۆرێنی

مەمکت دەکەم بە دەست گیران ! (٤٥)

مەمك ـ لێچوو




ئەوزار ـ نەهاتوە

ڕووی لێکچوون ـ بەرزی و قوتییە.

قوباد شاعیرێکە ، کە شاعیرانە وشەکانی زمان هەڵدەبژێرێت وێنەی شیعری و ئیستاتیکای دەق دەڕازێنێتەوە ، زمانێکە تایبەتە بە خۆی نەك زمانێکی هاوبەش زمانی خێزان و فێرگەو شەقام ، زمانی قوبادی جەلیزادە ئۆرگیناڵێکە لەسەرو ئەوەوەیە کە کەسانی دیکە بتوانن لاسای بکەنەوە ، زمانی شیعرەکانی زمانێکی یاخیە لە زمانی باو ، کە بۆن و بەرامەی خۆی هەیە تێکەڵ بە ڕۆحمان دەبێت و لامان دەمێنێتەوە ، ڕەنگە لەبەر ئەم زمانە تایبەتیە شیعریەی خودی شاعیر بێت ، کە زۆر جار ڕوبەڕوی ڕەخنەو گرفتی کۆمەڵایەتی بوبێتەوە لە ناو کۆمەڵگادا

**پەراوێزەكان:**

(١) زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری (نالی ) دا ، چاپی یەكەم، هەولێر ، ٢٠١٣، لا١٩.

(٢) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەكانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەكان ، چاپی یەكەم ، ٢٠١٥، ل٧٤.

(٣) محمد حاجی زادە ، فەرهەنگی ڕاڤەیی ((ئیزم) هكان ، و/ سیروان موسا پور ، چاپی یەكەم ، تاران .٢٠١٨ ، ل٤٣

(٤) حوسێن سۆران ، دەركەوتەكانی شەطح لە ئەدەبی كوردیدا ، ئیرۆتیك و ئەفسانە لای شێرزاد حەسەن ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ، ٢٠١٦، ل١٤٠

(٥) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٥.

(٦) زانا خەلیل، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠.

(٧) قوبادی جەلیزادە ، چاكەتێك لە كۆنە دەكڕم ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ، ٢٠١٥، ل٢٤٤.

(٨) د.شاهۆ سەعید ، تۆ دەتوانیت بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین ، چاپی یەكەم ، هەولێر ،٢٠٠٧،ل٣١.

(٩) قوبادی جەلیزادە ، شەهید بە تەنیا پیاسە دەكات ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل٤٠١.

(٠ )قوبادی جەلیزادە، سەرچاوەی پێشوو ،ل٤٠٢.

(١ ) زانا خەلیل ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣-٥٤.

(٢ ) حەمە مەنتك، ئۆنتۆلۆژیای بوون لە شیعری «نالی» دا ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە (٢) ، سلێمانی، ٢٠١١ ،ل٢٠٠.

(٣ ) قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٩.

(٤ )قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤.

(٥ ) هۆراس ،هونەری شیعر،و/ حە مید عە زیز,بغداد,١٩٧٩,ل٣٤.

(٦ ) قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤٢.

(٧ )قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤٢.

(٨ )عبدالمنعم الحنفی ، فەرهەنگی دەرونی سێكسی ، و/بروا علادین ، بەشی دووەم ، ٢٠١١ ،ص٨.

(٩ ) سیگمۆند فرۆید، لێكدانەوەیەكی سێكسیانە بۆ مێژوو ، و/ سەلاح سەعدی ، هەولێر ، ٢٠١٧، ل٩٧.

(٢٠) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری كوردیدا (١٩٧٠-٩٩١)سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل٢٥.

(٢ ) هاوژین سلێوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێكەسدا ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ،ل١٩

(٢٢) هەژار فەقێ سلێمان، سێبەری مانا ، سلێمانی ، ٢٠١٨، ل٢٢

(٢٣) ئومێد ئاشنا ، ئەشكی باوان ، بەرهەمی بڵاو نەكراوە و لەیاد كراوی كامەران موكری ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل٢١.

(٢٤) دەریا جەمال حەویزی ، وێنەی ڕونبێژی لە كۆمەڵە شیعری (شەهید بەتەنیا پیاسە دەكات)ی قوبادی جەلیزادەدا ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل٤٣.

(٢٥) هۆراس ، هونەری شیعر،ل٣٤.

(٢٦)بیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی ، و/ ئەنوەر قادر محمد ، چاپی یەكەم ، سلێمانی ، ٢٠١٠، ل٧٩.

(٢٧)oxford advance learning dictionary,A.S.Honby,oxford university press,sixth edition ,uk,٢٠٠٤ , page٨٠٣.

(٢٨) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣٨.

(٢٩) هەژار فەقێ سلێمان، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦٣.

(٣٠) د.سەید ئەحمەد پارسا ، ڕونبێژی لە ئەدەبی كوردیدا ، سنندج ، ١٣٩٧، ل٧٢.

(٣ ) قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩.

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٩٥

(٣٣) قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٩٠

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢٧

(٣٥) قوبادی جەلی زادە ، چاکەتێك لە کۆنە دەکرم ، ل٢٨١.

(٣٦) پ.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، پراگماتیك و ڕەوانبێژی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٥، ل٧١.

(٣٧) عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی ، چاپ یەکەم ، بەغداد ، ١٩٧٢، ل٢٢.

(٣٨) عەبدولسەلام سالار ، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٠، ل٤٠.

(٣٩)سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٤.

(٤٠)دەریا جمال حەوێزی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦١.

( ٤)هەژار فەقێ سلێمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٠.

(٤٢)قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٣٧.

(٤٣)قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٦٧

(٤٤)قوبادی جەلیزادە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٣.

(٤٥)سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٤.

## ئەنجامە کان

لە لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١-ئیرۆتیك چەمکێکی نوێی ئەدەبیەو هەموو ئەو تێکست و دەقە ئەدەبیانە دەگرێتەوە ، کە باکگراوندێکی سێکسیان هەیە .

٢-وێنەی شیعری ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ ڕازاندنەوە و بەخشینی لایەنی ئیستاتیکا بە دەقی ئەدەبی ، کە شاعیران دەیکەن بە بنەمایەك بۆ دەربڕینی ئەو لایە ن و هە ستانە ی لە دڵ و دەرونیاندا پەنگی خواردۆتەوەو هۆیەکە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستانە بە خوێنەران و گوێگران .

٣-قوبادی جەلیزادە وەك شاعیرێکی نوێگەر و هاوچەرخ لە باسکردنی ئیرۆتیك و سێکس زمانی دەقەکانی لە ئاستێکی بڵندایە و هەندێك جار ئاشکرا شتەکان نادرکێنێت و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و جوانکاری.

٤-لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی قوبادا زۆر بە ڕوونی هەست دەکرێت بە ئەو شێوازانەی ، کە شاعیران بۆ دروست بوونی وێنەی خواستنی دەیگرنە بەر ، شاعیریش سەرکەوتوانە پەیوەندیەکانی نێوان واتاو خواستی بەکار هێناوە بۆ دروست کردنی وێنەی ئیرۆتیکی .

٥-وێنەی لێکچواندن وەك یەکێك لە جۆرەکانی وێنەی ڕوونبێژی بەشێکی بەرچاو لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە پێك دەهێنێت هەرچەندە زۆربەی لێکچواندنەکانیشی تایبەت کردووە بە جەستەو لەشی ئافرەت و لە زۆر کۆپلەی شیعردا جەستەو لەشی ئافرەتی کردووە بە لێچوو بۆ دیاردەکانی سروشت

**سەرچاوەکان**

١-ئومێد ئاشنا ، ئەشکی باوان ، بەرهەمی بڵاو نەکراوە و لەیاد کراوی کامەران موکری ، هەولێر ، ٢٠٠١.

٢-بیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر ، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی ، و/ ئەنوەر قادر محمد ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٠.

٣-پ.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، پراگماتیك و ڕەوانبێژی ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٥.

٤-حەمە مەنتك، ئۆنتۆلۆژیای بوون لە شیعری «نالی» دا ، گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە (٢) ، سلێمانی ،٢٠١١.

٥-حوسێن سۆران ، دەرکەوتەکانی شەطح لە ئەدەبی کوردیدا ، ئیرۆتیك و ئەفسانە لای شێرزاد حەسەن ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٦.

٦-دەریا جەمال حەوێزی ، وێنەی ڕونبێژی لە کۆمەڵە شیعری (شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلیزادەدا ، سلێمانی ، ٢٠٠٩.

٧- د.سەید ئەحمەد پارسا ، ڕونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، سنندج ، ١٣٩٧.

٨- د.شاهۆ سەعید ، تۆ دەتوانیت بە قومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین ، چاپی یەکەم ، هەولێر،٢٠٠٧.

٩- زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شعری (نالی ) دا ، چاپی یەکەم، هەولێر ، ٢٠١٣.

١٠-سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-٩٩١)سلێمانی ، ٢٠٠٤.

١١-سێگمۆند فرۆید، لێکدانەوەیەکی سێکسیانە بۆ مێژوو ، و/ سەلاح سەعدی ، هەولێر ، ٢٠١٧.

١٢-عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی ، چاپی یەکەم ، بەغداد ، ١٩٧٢.

١٣-عەبدولسەلام سالار ، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری نالیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٠.

١٤-عبدالمنعم الحنفی ، فەرهەنگی دەرونی سێکسی ، و/بروا علادین ، بەشی دووەم ، ٢٠١١ .

١٥-قوبادی جەلیزادە ، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠٧

١٦- قوبادی جەلیزادە ، چاکەتێك لە کۆنە دەکرم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٥.

١٧-محمد حاجی زادە ، فەرهەنگی ڕاڤەیی ((ئیزم) هـ کان ، و/ سیروان موسا پور ، چاپی یەکەم ، تاران .٢٠١٨

١٨-نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان ، چاپی یەکەم ، ٢٠١٥.

١٩-هەژار فەقێ سلێمان، سێبەری مانا ، سلێمانی ، ٢٠١٨.

٢٠-هاوژین سلێوە عیسا ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ .

٢١-هۆراس ، هونەری شیعر. و:حە مید عە زیز,بغداد, ١٩٧٩.

٢٢-oxfordadvancelearningdictionary,A.S.Honby,oxford university press,sixth edition,uk,2004.

٢٣-Https:llckb.m.wikipedia.org>wiki،